# رادیۆی دەنگی کوردان لە ئازەربایجان و چەند پێشنارێک!



حکومەتی ئازەربایجان مافی وەشانی بەو کەمەنەتەوانە داوە کە لە ئازەربایجیاندا دەژین، بەوهۆیەوە ئەو کەمە نەتەوانە رادیۆیی خۆیان هەیە، کوردیش وەک کەمەنەتەوەیەکی ئەو وڵاتە رادیۆی تایبەت بەخۆی هەیە. رادیۆی دەنگی کوردانی ئازەربایجان رادیۆیێکی فەرمییە.

کوردانی ئازەرباجیان بە دەستپێشخەری ئەحمەد هەپۆی نووسەرو رۆشنیر توانیویانە رادیۆی خۆیان دابمەزرێنن.

ساڵی ۱۹۹۳ تا ئێستا دووجار لەهەفتەیەکدا بەرنامەی کوردی پەخش دەکرێ. هەرچەندە پەخشی دەنگی کوردانی ئازەربایجان تەنیا ۱۵ خولەکە بەڵام دیسانیشەوە گەواهی ئەو راستیە دەدات کە وێڕای راگوێزان و تواندنەوەی نەتەوەیی، هێشتا ژمارەیەکی زۆر کورد لە ئازەربایجاندا دەژین.

ئەمەش وایکردووە کە حکومەتی باکۆ رێگەیان پێبدات تا سود لە زمانی خۆیان وەربگرن و بەرنامەی پێ پەخش بکەن.

بەرێز ئەحمەد هەپۆ بەرپرسی رادیۆی دەنگی کوردانی ئازەربایجانە، هەروەها فەخرەدین موزەفەر وێژەرو هاوکاری رادیۆ هەفتانە دووجاران، هەر جارەی بۆ ماوەی ۱۵ خولەک بەرنامە بە زمانی کوردی پێشکەش دەکات.

بەگوێرەی قسەی مامۆستا ئەحمەد هەپۆ لەو ساڵانەی کە رادیۆی کوردی پەخشی خۆی کردووە، ژمارەیەکی زۆر کوردی دڵسۆز هاوکاریان لەگەڵدا کردووە، وەک خۆبەخش هاوکاری بوونە.

بەگوێرەی قسەی بەرێوەبەری رادیۆی دەنگی کوردانی ئازەربایجان، هەریەکە لە تامارا رەفۆ، کوبارا رەفۆ و سیمزەر مەحمود نزیکەی هەشت ساڵە لەو رادیۆیەدا کار دەکەن. تاماراو کوبارا دوو خوشکن، هەروەها ئەسلیا ئیسماعیل لەبەشی کۆمپیوتەردا کار دەکات.

لەنێو ئەرشیفی رادیۆی کوردیدا چەندین گۆرانی و مەقام و پارچەمۆزیک هەن کە جاروبار پەخش دەکرێن.

پەیامنێری ماڵپەری دەنگی نەتەوە سەردانی رادیۆی دەنگی کوردانی ئازەربایجانی کردووەو لەناو ستۆدیۆدا لەگەڵ ئەحمەد هەپۆو فەخرەدین موزەفەردا دیمانەی کردووە، هەردووکیان گوتویانە: 'ئەگەر رۆژێک هۆزاڤانێک یان سترانبێژێک رێگەی لێ ون ببێ و بێتە ئێرە! دەتوانی سود لە ئەرشیفی رادیۆکەدا وەربگرێ.

ئەو رۆژەی پەیامنێری ماڵپەری نەتەوە سەردانی رادیۆی دەنگی کوردانی ئازەربایجانی کردووە، بەرنامەی رادیۆ بە گۆرانی وەلاتێ مە کوردستانە کراوەتەوە. ئەمەش جێگەی خۆشحاڵی بووە، چونکە هەستی نیشتمانپەروەری بزواوەو بیری نیشتمانی ونکراوی کردۆتەوە.

لە دوای تەواوبوونی بەرنامەکەدا چیرۆکی غەریبۆی بە دەنگی مامۆستا ئەحمەد هەپۆ بیستووە، بەوهۆیەوە برینی دوورە وڵاتی کولاوەتەوە.

ئەمەش بەشێکە لە چیرۆکی غەریبۆ کە مامۆستا ئەحمەد هەپۆ پێشکەشی کردووە:

غەریبی نە تو چەکە،
چەکا غەریبیێ
لە بەژنا خوە مەکە'
باڤۆ غەریبۆ، بەلەنگازۆ!
دایێ غەریبێ دێرانێ!
قەومۆ، لێزمۆ، پسمامۆ،
هەڤالۆ،
هۆگرۆ، غەریبۆ بێ پشتۆ!
خوشکێ، لێ لێ، دۆتێ،
بوکێ،
دۆتمامێ. وێلیێ، زەریێ،
هێسیرێ، لێ قە هون دزانن
واتەیا غەریبیێ، نیتا وێ چییە؟
دەما دەستێ تەژی دەستێ باڤ،
برێ، قەوم، لێزم، پسمامان دبە،
تو دبی غەریب.
ئەوێ خەم تونە،
ئەوێ زیان تونە،
ئەوێ تشت نابە.
چبکەی ئەمر، ژیان ب هەڤرا
بەرژێرە،
دقەویمە، غەریبۆ دۆ، ئیرۆ وێ
چەکێ ژ خوە بشێلینە.
لێ گاڤا تو ژ وەلێت دبی،
ژ وەلێت دەرتێی دبی
غەریبێ خەریبا.
دبێن هەموو دەردی دکاری
بکشینی، لێ دەردێ غەریبیێ
دەردەکی گرانە،
ئەو نەیێ کشاندنێ، ئەو دەرد،
ئەو مەرەز، ئەو کول ئێشێ ژ
وێ دە تە دبە ئاخا سار.

پاش تەوابوونی چیرۆکی غەریبی کە مامۆستا ئەحمەد هەپۆ چریویەتی، دووبارە بە گۆرانی وەلاتێ مە کوردستانە کۆتایی بە بەرنامەکە هاتووە.

مەبەستی ئێمە لە دووبارە گوساتنەوەی ئەوم رووداوە ئەوەیە کە پێشکەوتنی دۆزی کوردستان لە رۆژەڤ دایە، بەڵام مخابن تا ئێستا هێزێکی پڕتوانا نەیتوانیوە کە خاوەندارێتی لەو دۆزەدا بکات.

ئێستا کە جیهانیان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ جەخت لەسەر وەشان بە زمانی دایک دەکەنەوە، هەروەها وەشان بە زمانی کوردی لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، لە پێتەختی وڵاتانی ئێران و ئەرمینیاو ئازەربایجان و ئەمریکاو روسیا و سوێد و چەندین شاری دیکەدا دەست بەکارە، ئەی بۆچی کوردانی رۆژئاوا، واتە کوردانی بن سوریا هەوڵ نادەن تا گوشارەکانی خۆیان بۆ وەشانی کوردی چڕتر بکەنەوە؟!

ئەمڕۆ سەردەمی سەتەلایت و ئینتەرنێتە، هیچ دەستەڵات و هێزێک ناتوانێ کۆنترۆڵی هەموو شتەکان بکات، ئەگەرچی دەوڵەتی تورک نکۆڵی لە هەبوونی کورد دەکرد، بەڵام ئێستا بە ناچاریەوە رێگە بە نەتەوەکان دەدات تا بە زمانی خۆیان وەشان بکەن، تەنانەت لە وڵاتێکی ئاوادا ئێستا رادیۆی کوردی هەیە، رۆژنامەو بڵاوکراوە بە کوردی دەردەچن، وێڕای هەموو گوشارەکانیش هێشتا سێنتەرو رادیۆو گۆرانی و فیلم و کۆرسی زمانی کوردی هەن، تەنانەت کوردستانیانی باکوور خەباتی زمانیان دەست پێکردووە، بەجۆش و خرۆشەوە بۆی تێدەکۆشن، شیمانەی ئەوەش دەکرێ کە لە داهاتوودا رێگە لەبەردەم فێرگەی کوردیدا بکرێتەوە. دیسانەوە دەپرسین: 'ئایا کوردی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بۆچی داوای خوێندن بە زمانی خۆیان ناکەن؟!' ئایا چ رێگرێک لە ئارادیە؟!

پێشتر گوتمان کە رادیۆو تەلەفزیۆنی کوردی لە هەندێک شاری رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەن، تەنانەت رادیۆی کوردی تاران و تەلەفزیۆنی سەحەر بەرنامەی کوردیان هەیە، لەنێو شاری تاران دا کۆڕی وێژەی کوردی هەیە، بەڵام فێرخوازانی ئەو بەشە لە خوێندن و نووسین بە زمانی دایکیان بێبەش دەکرێن، ئایا خواستێکی لەو بابەتە رووبەڕووی گرفت و ئاستەنگی گەورە دەبێتەوە، یان کوردان خۆیان بەرەو خواستگەلێکی لەو بابەتە ناچن؟!

دیسانیشەوە دەبێ بگوترێ کە ئیدی لەنێوچوونی زمانی کوردی بۆتە خەونێکی دۆڕاو، ئاواتی داگیرکاران نایەتە دی، چونکە وەشان بە زمانی کوردی پێشکەوتنی گەورەو بەرفراوانی بە خۆیەوە بینیوە، ئێستا دەیان کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی، دەیان رادیۆو تەلەفزیۆنی ناوچەیی و هەزاران ماڵپەری کوردی هەن، رۆژانە کتێب و رۆژنامە بە کوردی چاپ و بڵاو دەکرێنەوە. ئەمەش وایکردووە کە کە مەترسی و هەرەشە لە سەر زمانی کوردی نەمێنێ، بەڵام خواستی خوێندن و فێربوون بە زمانی کوردی لە هەر پارچەیەک و لەهەر شوێنێک کە کوردی تێدابێ، رەواو راستینە، دەبێ بکرێ بە دەستپێکی هەر جۆرە خەباتێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی.

ئەگەرچی بزاڤی کوردایەتی لە رۆژئاوای کوردستان دا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، تێکۆشەرانی کورد دەرژێنە سەرشەقامەکان و رادەپەڕن، بۆنە و یادەوەریە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان دەقۆزنەوەو هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان پێشان دەدەن و خۆدەنوێنن، بەوهۆیەشەوە دووچاری سەرکوت کردن و زیندانی و ئەشکەنجەدان دەبنەوە، بۆیە ئەگەر تێکۆشەرانی رۆژئاوا خەباتی خۆیان بۆ خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی دەست پێبکەن لەوانەیە ئاکامی باشتری دەبێ.

کوردانی ئەو بەشە ئەگەر پێداگری لەسەر وەشان بە زمانی کوردی بکەن، ئاشتیخوازانە لە دەرگەی لایەنی پەیوەندیدار بدەن، یان لە رێگەی وڵاتانی زلهێزەوە ئەو خواست و داوایەی خۆیان بە حکومەتی دیمەشق بگەیەنن، لەوانەیە بەرهەمدار دەبێ و لە هەنگاوی یەکەمدا ئەگەر زارۆکی کورد بە زمانی خۆی بخوێنێ، هەم ئاسۆی بیرکردنەوەی بەرفراوانتر دەبێ، هەمیش زانیاری زۆرتر لە سەر کێشەی گەل و نیشتمانەکەی پەیدا دەکات، لانی کەم هۆزانڤان و بیرمەندو سەرکردەکانی خۆی دەناسێ، لەو درزەشەوە رێگە بۆ داخوازیە نەتەوەییەکان خۆشتر دەبێ و پێداگری زۆرتریان لەسەردا دەکرێ.

تەنانەت ئەگەر هاوهەنگی و پێوەندی پتەو لەنێوان دەزگەکانی وەشانی کوردیدا هەبێ، لیک نزیکبوونەوەی زمانی دروست دەبێ، بەتایبەتیش ئەگەر دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن و دەزگەکانی وەشانی کوردی بەسەر بکەنەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەتەلایتی نەورۆز کە وەک زمانحاڵی حکومەتی هەرێم بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکات، هەوڵی دروست کردنی پردی پێوەندی لەنێوان خۆی و رادیۆیی کوردی تاران و یەریڤان و باکۆ و مۆسکۆو واشتن بدات، وێڕای ئاشنایەتی و هاوخەباتی لە نێوانیاندا دروست دەبێ، زانست و زانیاری گۆڕینەوە دەست پێدەکات، بەوهۆیەشەوە دۆزی راستینی گەلی کوردستان بەرەو ئاقارێکی دیکەدا دەڕوات، ئاکام زمانی کوردی پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ و وەکو زمانێکی زیندووی جیهان هەنگاوی بەرەو نۆژەن کردنەوەی هەمە لایەنە دەهاوێژێ، ئیدی بە ئومێدی تێکۆشانێکی لەو بابەتە.

**کاروان سەلاحەدین**

# داد لە دەست ئینتەرنێت!

ئینتەرنێت ئامرازێکی پێشکەوتووی جیهانی سەردەمەو دەتوانرێ زۆرترین سوودی لێوەربگیرێ، ئەگەر زانستیانە رەفتاری لەتەکدا بکرێ، بەڵام بەداخەوە لەلایەن کوردستانیانەوە بە خراپی دەکاردەکرێ. جاری وایە دەبێتە مایەی قیزەوەنی و بێز لێبوونەوە.

هەر لە سەرەتای ئاشنابوونمەوە بە ئینتەرنێت هەوڵمداوە کارەکانی خۆمی پێ رایی بکەم، بەڵام چیرۆکی ئینتەرنێت خەریک بوو ماڵی منیش وێران بکات، هەم ژیانی خێزانیم لێ تێک بدات، هەمیش سوک و ریسوام بکات.

خزم و ئاشنایانم لە کوردستانەوە داوایان لێکردم کە بەهۆی ئێم ئێس ئێنەوە دووری نێوانمان کورت بکەینەوە، بەیەکەوە دابنیشین و چات بکەین. ئیتر منیش لە رێگەی هۆتمایلەکەمەوە چومە نێو ئێم ئێس ئێنەوە. ماوەیەک بوو زۆر بە ئاسانی لەگەڵ براو خوشکەکانی خۆم قسەم دەکرد، دەتوانم بڵێم پارەی تەلەفۆنم لە کۆڵ ببۆوە، بە کامێراش یەکترمان دەبینی. منداڵەکانیش بە دیار منەوە دادەنیشتن و قسەیان لەگەڵ خاڵ و پورو خزمانی خۆیان دەکرد.

رۆژێکیان یەکێک کە هەمان ناوی براکەمی هەبوو، لە دەرگەی ئێم ئێس ئێنی دا، منیش بە ئاساییم وەرگرت و دەرگەم لێ کردەوە، دوای چاک و چۆنی بۆم دەرکەوت کە براکەم نیە، بۆیە بە بیانۆیێک خۆم دزیەوەو لە نێت دەرچووم، بەڵام چیرۆک بەوەندە کۆتایی نەهات، وەک بڵێی ئەمە سایدی من بوو، هەرکە دەچوومە سەر نێت، یەکسەر بەخێرهاتنی لێ دەکردم و دەیویست قسەم لەگەڵدا بکات، راستیەکەشی من هەرچەندە حەزم نەدەکرد کاتی خۆم بە خۆڕایی بکوژم، چونکە هەم نەمدەناسی، هەمیش مێردو منداڵی خۆم هەبوو. ماوەیەک بوو هەر ئاوا سەرپێی سڵاوێکی دەکرد، هەندێکجار سڵاوەکەیم لێ وەردەگرتەوە، هەندێکجاریش بایەخم پێنەدەدا. دواتر بەهۆی ناوەکەمەوە ئەدرێسی ماڵەوەشی پەیداکرد، بینیم واز ناهێنێ و داوای پێوەندی خۆشەویستیم لێدەکات. من سەرم لەو کەسە سوڕمابوو، ئەو لە من بچووکتر بوو، نازانم بۆچی داڵغەی لەمن دابوو، بۆئەوەی لێی رزگار ببم، ناچار نیشانی ئەلەکترۆنی خۆمم گۆڕی. ماوەی ۳ مانگی بەسەر چوو، من ئاگام لەو کەسە نەمابوو، ئیتر ئیمایلە کۆنەکەم نەدەکردەوە، هەر بەتەواوی کوێر ببۆوە. دەکرێ بڵێم پاس وۆردەکەیشم لەبیر نەمابوو. رۆژێکیان مێردەکەم کە لە دەوام گەڕایەوە، دەموچاوی تێکنابوو، سەرەتا وامزانی کە ماندووە، دوایی هەستم کرد نیگەران و دڵپڕە. ویستم دڵنەوایی بکەم، حەز دەکرد بەشداری نیگەرانی و خەمەکەی بکەم، بەڵام ئەو وەک جاران نەبوو، زۆر گۆڕابوو. جار جارە توانجی لێ دەدام و چیرۆکی ناپاکانی بۆ دەگێرامەوە، من هیچم بە خۆم شک نەدەهات، بۆیە زۆر بایەخم بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی نەدەدا. شەوێکیان هەندێ پرسیاری لێکردم، دواتر راشکاوانە پێی گوتم: 'یەک تکای دۆستانە و مرۆڤانەم لێت هەیە، هەرکاتێ دڵت گۆڕا و ویستت لەیەکتر جیاببینەوە، تکایە ناپاکیم لەگەڵ مەکە، دڵی خۆتم بۆ بکەرەوە، وەک گۆرانیەکە دەڵێ ئەگەر دەتەوێ جێم بهێڵی با لە دەمی خۆتی بزانم'

ماوەی ۱٦ ساڵ زیاتر بوو کە شووم کردبوو، بەرهەمی ژیانی هاوسەریمان چوار منداڵی خنجیلانە بوون، بەدرێژایی ئەو ماوەیە قسەی ئاوام لێ نەبیستبوو، بۆیە بە نیوە تورەبوونەوە، پێمگوت: 'چیە؟! دەڵێی بە دوای بیانۆدا دەگەڕێیی؟!'

شووەکەم مرۆڤێکی لەسەرخۆ بوو، بەڵام ئەو ماوەیە زوو تورە دەبوو، لەبەرانبەر پرسیارەکەی مندا داما، دوایی گوتی: 'ژنەکە تەنیا یەک پرسیارم لێت هەیەو بەس، ئەگەر راستیم پێ بڵێی دەتوانین لەبیری بکەین، ئەگەرنا ناچار دەبین لەیەکتر جیا ببینەوە' راستیەکەی هەندەران شیرازەی زۆرینەی خێزانەکانی تێکداوە، من حەزم نەدەکرد ژیانی ئێمەش تێک بچێ، بۆیە بەڵێنم پێدا هەرچی هەبێ بە راستی پێی بڵێم. دەمزانی ئاکام شتە شاراوەکان ئاشکرا دەبن. بە پەرۆشەوە گوتم: 'فەرموو پرسیارەکەت بکە!'

ئەو پرسی: 'ژنەکە هەواڵێکم زانیوە کە گوایە تۆ پێوەندیت لەگەڵ کوڕێک هەیە، حەز دەکەم لە دەمی خۆت بیزانم'

من ئەو کەسەم هەر لەبیریش نەمابوو، سوێندم خوارد کە پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ کەس نیە، ئەو چەند جارێک پرسیارەکەی دووپات کردەوە، من بەتورەییەوە پێمگوت: 'ئەم سوکایەتیە قەبوڵ ناکەم، هەرچیت هەیە پێم بڵێ'

ئەو یەکسەر کۆمپیوتەرەکەی داگیرساند، ئەوسا ئیمایلەکەی خۆی کردەوە، هەموو ئەو چاتانەی پێشاندام کە من لەگەڵ ئەو کوڕەم کردبوو، هەرچەندە کە من هیچ قسەیەکی ناشیرینم نەکردبوو، بەڵام نازانم چۆن هاتبوە ناو کۆمپیوتەرەکەی من، هەموو وێنەکانی منی بردبوو، ژمارەی تەلەفۆنی منیشی نووسی بوو، ئەوسا لە رێگەی ئیمایلەوە بۆ مێردەکەمی رەوانە کردبوو.

من سوێندم بۆ خوارد کە من وێنە و ژمارەی تەلەفۆنی خۆمم پێنەداوە، بەڵام نکۆڵیم لەوە نەکرد کە چاتم لەگەڵ کردووەو بە ئاساییم وەرگرتووە. ئەوسا شوەکەم داوای پاس وۆردی ئیمایلە کۆنەکەی لێکردم، منیش پێمدا. ئیتر ئەو بەزمی خۆی بە کوڕەکە کرد، ئەو بەناوی منەوە چاتی لەگەڵدا دەکرد، داوای ئەدرێس و ژمارەی تەلەفۆنی لێکرد، وێنەی لێوەرگرت. کوڕەکە هەر سور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ من ببینێ، ئەویش بە ناوی منەوە بەڵێنی پێدەدا کە رۆژێک یەکتر دەبینین.

مێردەکەم بەناوی منەوە بۆی دەنووسی، تۆ ژنی خاوەن مێردو منداڵت بۆ چیە؟ تۆ بچووکتری و بۆچی هەوڵ نادەی کچێکی جوان بخوازی، ئەو دەیگوت لە تۆ زیاتر کەسم ناوێ. ئەو پێداگری دەکرد کە هەر جیا ببمەوە، ئەو دەمخوازێ، منداڵ و تەمەن نابنە رێگری!!

سەرەنجام یاریەکە بەرەو کۆتایی رۆیشت، مێردەکەم کاتی ژوانی لەگەڵ دانا، لەو شوێنەی کەبۆی دیارکردبوو، چو بۆ لای، ئەو چاوەڕوانی دیداری منی دەکرد، کەچی پیاوێکی کەتەی چوارشانە دەستی گرت و خۆی پێناساندبوو، ئەو هەترەشی چووبوو، مێردەکەم سوێندی لێخواردبوو یان دەبێ راستیەکەی پێ بڵێ و بۆی ئاشکرا بکات کە چۆن منی ناسیوە، یان کێشەکە گەورەتر دەکات و دەچی لە کوردستان ئاژاوە لەگەڵ بنەماڵەکەی ئەوان دەنێتەوە، ئەوسا بۆی ئاشکرا کردبوو کە ناسیاوێکی خۆمان ئیمایلی منی پێدابوو، داوای لێکردبوو کە بەهەر نرخێ بێ، پەیوەندی لەگەڵ من ببەستێ و ناوبانگی مێردەکەم لەکەدار بکات.

من بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەگەر مێردەکەم رۆشنبیر نەبوایە ژیانمان تێک دەچوو، بۆیە هیواخوازم کە ژنان و کچانی کورد ئاگایان لە خۆیان بێ و لە داوی مرۆڤی دڕندە نەکەون و زیانیان پێ دەکەوێ.

**شەونم حەسەن**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com